# هونەری ڕیکلام لە ڕۆژنامە

**نەجات روستی**

najatrosty@yahoo.com



ئەمڕۆبە شێوازێکی ئێجگار فرە ڕیکلام بایەخ وگرنگیەکی زۆری پێدەدرێت لە ژیانی ڕاگەیاندن و ئابووری دا . شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن و ئابووری ڕیکلامیان کردۆتە چەندین بەشی جیا لەوانە( ڕیکلامی ئابووری ، ڕۆشنبیری ، کۆمەڵایەتی ) مەبەست لە ڕیکلامی ئابووری ئەو هەواڵە وێنەدارەیە کە ئاگادارمان دەکاتەوە لە بوونی بەرهەمێك لەلایەن دەزگاکانی بازرگانی یەوە ئیتر ئەو بەرهەمە هاوردە یان بەرهەمەهێنەری ناو خۆ بێت ، کەرتی گشتی یان تایبەتی .

ئەم ڕیکلامانە بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی بەکارهێنەر لە بوونی بەرهەمی لەو جۆرە ، خۆناکرێت هاووڵاتی هەموو ڕۆژێك خۆی بۆ پرسیارکردن دەربارەی کەل وپەل تەرخان بکات کە تازە لەبازار دابەزیوون و پێویستی پێیانە ، مەترسی ئەم جاڕدانە کاتێك دەردەکەوێت کە زیادە ڕەوی لە پیاهەڵدانی ئەو بەرهەمە و ڕادەی سوودەکانی دا بکرێت هەر بۆیە وورییایی لە کاری ریکلامدا کارێکی زۆر گرنگە بۆ خۆبەدوورگرتن لە هەڵخەڵەتاندنی بەکارهێنەر .

لە هیچ کات و کۆمەڵێکدا ناکرێت دەست بەرداری ڕیکلامی ڕۆشنبیری بین ، سەرەڕای ئەوەی ئەم ڕیکلامە وێنەی ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونی چالاکیە  ڕۆشنبیری و زانستی و هونەریەکانە ، لە هەمان کاتدا هۆیەکە بۆ هاندانی خەڵك و بەشداری کردنێکی کاریگەریشە لە جم وجۆڵی شارستانی و چێژوەرگرتن لە بەرهەمی هزرە ڕۆشنبیریەکان لە ووڵاتدا .

ڕیکلام بۆ نمایش کردنی بوونی چالاکیەك کە لە بنەمادا ئاراستەی ژمارەیەکی زۆری خەڵك کراوە، مەبەست لێی هاوکاریکردنە بۆ بەشارستانی کردنی کۆمەڵ ، مەبەست لێی قازانج نی یە .

ڕیکلامە کۆمەڵایەتی یەکانیش ئەو هەواڵە تاکە کەسیانەییە کە مەبەست لێی سەرنج ڕاکێشانی چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵە بۆ ڕووداني ڕووداوێك لە کەسێکی پەیوەندیدار ، بۆ نموونە مردن ، ژنهێنان و شووکردن ، لەدایك بوون گێڕانی ئاهەنگی تایبەت .......هتد

ئەم جۆرە جاڕدانە سەرەڕای ئەوەی کاریگەری لەسەر کەسانی تر سنووردارە چونکە تاکی یە نەك کۆمەڵی ، بەڵام لە لایەکی دیکەوە فاکتەرێکە لە فاکتەرەکانی ڕاکێشانی هاوڵاتیان بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامە ودیاریکردن و پێدانی ڕۆڵێك لە کرداری ژیانی ڕۆژانەیان .

چەندین ڕۆژنامە ژمارەیەکی زۆر ستوون بۆ ئەم جۆرە ڕیکلامە دیاری دەکەن ، چونکە گرنگی زۆری هەیەبۆ ئاشکرا کردنی حاڵەتە تایبەتییەکانی تاکەکانی نێو کۆمەڵ کە ئەوەی لە ژیانیاندا بەخۆشی وناخۆشییەوە کە ڕوو دەدات ، ئەو خێزانانەی بۆ یادەوەری کەسێك کۆدەبنەوە ، ناتوانن خزم و هاوڕێیانی دوور لە رێگای پەیوەندی تەلەفوونی و نامە ئاگادار بکەنەوە ، بەڵام لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە شیاوترین رێگاییە بۆ بڵاوکردنەوەوە لەناو خەڵکدا .

* شێوازەکانی ڕیکلام

جاڕدان وکردارێکی ڕۆژنامەوانی تابیەتە پانتایەکی زۆری لە ژیانی رۆژانەی خەڵك گرتووە ،گرنگ ئەوەیە چۆن  بتوانیین کەناڵەکانی راگەیاندن بکەین بە سەر چاوەی زانیارییەکان بۆ جەماوەر و شێوازە جیاوازەکانی ڕۆژنامەنووسی بەکاردبێنین بە هەمان شێوە جاڕدانیش بە شێواز و هۆی زۆر لێهاتووانە و جیاواز پێشکەش دەکرێت .

زووربەی ڕۆژنامەکان بە چاوێکی هەڵە سەیری ڕیکلام دەکەن کە سەرچاوەیەکی ماددی بێت لەسەر مادده ڕۆژنامەنووسیەکانی تر ، هەر بۆیە فراوانی ڕیکلام تادێ لە بچووك بوونەوەدایە و بەرەو نەمان دەچێت .

ئەمە لە کاتێکدا کە ڕیکلام بە زانیاریەك دادەنرێت وەکو زانیاریەکانی ناو ووتار و هەواڵ و لێکۆڵینەوە پێشکەش دەکرێت .

جاڕدان بۆ دەستپێکردنی وەرزی زستانەی گەشت و گوزار بۆ یاری خلسکانی خۆی لە خۆیدا زانیارییە جێگای گرنگی پێدانی دەیان هەزار کەسە کە بەهەر هۆیەك بێت (وەرزش ، پزیشکی ، کۆمەڵایەتی) بەشەوقەوە چاوەڕوانی دەکەن .

لە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان هەندی جار ڕیکلام پشت بە خەڵەتاندن و زیادەڕەوی دەبەستێت و بە قەبارەیەکی گەورە تر وەك لەوەی شایانیەتی پیشانی دەدات ، بەڵام ئەمە لە وکۆمەڵگایانەدا کۆنترۆڵی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و سەرچاوە ئابووری یەکانی کردوە بەم شێوە نی یە .

ڕیکلام چەندین شێوازی دەگرێتە خۆ تەنانەت هەندێك جار کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی .

جاڕدان زانیاریەکەو فراوانی شوێنی بڵاوکردنەوە دادەڕێژێت ، بۆ نموونە ئەگەر ڕیکلام بۆ بەرهەمێکی نوێ بکەین پێویست ناکات لەسەر شێوەی بەیانێك زانیاریەکە دابڕێژین بەڵکو تەنها وێنەیەکی فۆتۆگرافی یان کاریکاتێری ودەربڕینێکی چڕوو ڕوونی بەسە .

*مەترسیەکانی ڕیکلام

هەموو بەرهەمێك بۆ ڕیکڵام ناشێت ، هەموو بانگەوازو بەیانێکی حکومی بۆ جاڕدان ناشێت ناکرێت جاڕبۆ جگەرەو ومەی و ئەو شتانە بکەین کە زیانیان هەیە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ .

هەرچەندە زۆر لە ناو خەڵکدا بەکاردێت ، چونکە جاڕدان بۆ پێچەوانەی هەوڵی دەوڵەتە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو نەخۆشی یە کە لە نێو کۆمەڵ پەیدا دەبێت ، بەداخەوە لەلای خۆمان لەم دوایانەدا ڕیکلام بۆ جگەرە و باڕەکانیش دەکرێت .

---

**سەرچاوە**


1. اراء فی الکتابة و العمل الصحفی ، وائل العانی
2. الاعلام و الحرب النفسیة .... تالیف لجنة فی مؤسسة الثقافة العالمیة